**سێ کورتە چیرۆك**

ن/ پاولۆ کۆیلۆ
و. لەعەرەبییەوە/هێمن مەحمود
( دەربەندیخان )
hemnm1979@yahoo.com

# زمانێك خاڵی لەووشە

جارێکیان، لەزستانی ساڵی 1981دابوو، خۆم وژنەکەم بەکۆڵانەکانی شاری پراگدا دەگەڕاین وسەرنجی پیاوێکمان دەدا کە وێنەی باڵەخانەکانی چواردەوری دەکێشا.
سەرەڕای ترسی خۆم لەهەڵگرتنی شمەك لەکاتی سەفەرەکانمدا( چونکە بەنیازبوم سەفەر بۆ شوێنێکی دیکە بکەم )، بەڵام یەکێك لەو تابلۆیانە دیلیکردم و ناچاریکردم بیکرم.
کاتێك پارەکەم دەدایە دەستی پیاوەکە و سەرنجمدا دەستی رووتە سەرەڕای ساردی هەواکە( پلەی گەرما لەژێر پلەی سفرەوە بوو ).
لێم پرسی( بۆچی دەستکێشت لەدەست نەکردووە ).
( بۆ ئەوەی بتوانم قەڵەم بگرم ) و کەوتە باسکردنی شاری پراگ لەزستاندا کە جوانترین وەرزە لەلای ئەو بۆ ئەوەی وێنەی ئەو شارە بکێشێت.
ئەوەندە دڵخۆشیش بوو بە نجامدانی کارەکەی بریاریدا کە پۆرترێتێك بۆ ژنەکەم بکات بێ بەرامبەر.
ئەو کاتەی کە من چاوەڕێمدەکرد پۆرترێتەکە تەواوبکات، سەرنجی روودانی شتێکی سەیرمدا ،ئەویش ئەوەبوو کە ئێمە نزیکەی 5 خولەك قسەمانکرد بێ ئەوەی کە یەکێکمان توانای قسەکردنی هەبێت بەزمانی ئەوی دیکە.
ئێمە خۆمان ناچارکردبوو کە لەیەکتری تێبگەین ئەویش لە رێی هێما وتەعبیرەکانی دەموچاو وپێکەنین و ئارەزووی بەشداریکردن مانەوە.
ئەم ئارەزووە سادە بۆ بەشداریکردن رێگای بۆ خۆشکردبوین کە لەجیهانی زماندا رۆبچین بێ ئەوەی پەنا ببەینە بەر ووشەکان، بەجۆرێك هەمووشتێك ئاشکرابوو و بچوکترین موجازەفەش نەبوو بۆ روودانی خراپ حاڵیبونێك لەیەکتری.

## یەکەمین گوناه

یەکێکی خەڵکی مەغریب هات بۆلام وچیرۆکێکی سەیری بۆ باسکردم لەبارەی تێروانینی چەند هۆزێکەوە سەبارەت بە یەکەمین گوناه.
حەوا لەبەهەشتا پیاسەی دەکرد، شەیتان بەرەو رووی هات وپێی وت( ئەم سێوە بخۆ ).
حەواش رازینەبوو بیخوات( چونکە خودا فەرمانی پێکردبوو کە نەیخوات ).
شەیتان هەر سوربوو لەسەر قسەی خۆی( ئەم سێوە بخۆ بۆ ئەوەی جوانتربیت لەلای پیاوەکەت )
حەواش وتی( پێویست بەوە ناکات، چونکە جگە لەمن هیچ ئافرەتێکی دیکە نیە ).

شەیتانیش پێکەنی( بەدڵنیاییەوە ئافرەتی دیکە هەیە ).
لەبەرئەوەی کە حەوا باوەڕی پێنەدەکرد، شەیتان بردییە سەر لوتکەی شاخێك کە لەوێدا بیرێك هەبوو.
حەوا خۆی چەماندەوە و وێنەی ئافرەتێکی زۆرجوانی لەناو ئاوی بیرەکەدا بینی، وهەر لەوێدا ئەو کاتە ئەو سێوەی خوارد کە شەیتان پێشکەشیکردبوو.
بە پشت بەستن بە بیروباوەڕی ئەو هۆزانە، ئەوانەی کە سەیری بیرەکە دەکەن ودەزانن ئەو وێنەیەی کە تیایدا دەیبینن هیچ نیە جگە لەوێنەی پێچەوانەی روخساری خۆیان، دەگەڕێنەوە بۆ بەهەشت.

## ئەرکێکی پیرۆز

رۆژێکیان لەنیویۆرك بوم، درەنگ خەبەرم بویەوە بۆ ئەو کۆبونەوەیەی کە بڕیاربوو ئامادەی بم، کاتێك هاتمە خوارەوە بینیم پۆلیس ئۆتۆمبیلەکەمی بردوە، درەنگ گەشتم، خواردنەکەش کاتێکی زۆری برد.
بە پەلە چوم بۆ فەرمانگەی هاتوچۆ بۆ ئەوەی غەرامەکە بدەم کە پارەیەکی زۆربوو.
ئەو تاك دۆلارییەم بیرکەوتەوە کە رۆژی پێشتر دۆزیبومەوە وهەستمکرد پەیوەندییەکی شێتانە لەنێوان ئەو تاك دۆلارییە وهەموو روداوەکانی ئەم بەیانییەدا هەیە کە بەسەرمدا هاتوە:
رەنگە من بەرلە کەسی شیاو دۆزیبێتمەوە، یان لەوانەیە لەرێگای ئەو کەسەدا هەڵمگرتبێت کە دوێنی پێویستی پێی بووە.
دەبوو لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە.
سواڵکەرێکم لەسەر شۆستەی شەقامەکە بینی و تاك دۆلارییەکەم پێی دا، وادەردەکەوێت کە کارەکەم راستکردۆتەوە.
سواڵکەرەکە وتی( ساتێك بوەستە، من سواڵکەرنیم، بەڵکو شاعیرم ).
لیستێکیشی پێدام کە ناونیشانی چەندین قەسیدەی تیادابوو بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرم.
وتم( زەحمەت نەبێت هەرە کورتەکەیان، چونکە پەلەمە ).
شاعیرەکە سەیرێکی کردم ووتی: ئەم قەسیدەیە هی من نیە، بەڵام جوانە، ئەوەتا دەڵێت(
تەنها یەك رێگە هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بزانێت کە ئایا ئەرکەکەی بەجێ گەیاندوە لەم سەر زەوییەدا یان نا: ئەگەر تۆ تا لە ژیاندا مابیت ئەوە مانای وایە کە تۆ هێشتا ئەرکەکەت تەواو نەکردووە ).

---

سەرچاوە: سایتی البیان -الکتب
و: بۆ عەرەبی/كوثر علی